دڵسۆز حەمە:

# گوزارشتکردن لە دنیابینی و فەلسەفە لە شیعردا تەواو جیاوازە لە بەکارهێنانی لە ژانرێکی ئەدەبیی تردا



سازدانی: نەوشەفەق

دڵسۆز حەمە یەکێکە لە شاعیرە ئافرەتەکان، کە هەوڵی داوە تایبەتمەندیەتیی بە دەقە شیعرییەکانی خۆی ببەخشێت و بە هێمنی بیر بکاتەوە و بە هێمنیی لە نێو شاعیرگەلی شیعرقەرەباڵغ بە پەیڤی زمانانی تر، بناسرێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا کتێبی "بە تەنیشت وتندا"ی بە چاپ گەیاند، ئێمە لە هەمبەر کۆمەڵێک وێستگەی کتێبەکەیدا ئێستمان کرد و پرسیارگەلێکمان وروژاند، ئەویش وەرامەکانی خستە بەردەممان. ئەم گوتوبێژە تایبەتە بەو کتێبەی و نەمانویست لەسەر پرسگەلی تر هەڵوەستە بکەین. با بزانین دڵسۆز حەمە لە هەمبەر پرسیارەکانی کۆواری "نەوشەفەق"دا چۆن دەپەیڤێت:

* تۆ یەکێک لەو ئافرەتانەی کە گوتوبێژی رۆژنامەڤانییان نەکردووە، یان من نەمبینیوە، ئەمەش رووبەرووی ئەو پرسیارەم دەکاتەوە، کە ئەگەرچی چەن بارە بووەتەوە، بەڵام پێویستیشە بپرسیم: ژیانی منداڵی و گەنجیت چۆن بەسەر برد، هاوکاتیش چۆن دەستت بە خوێندنەوە و نووسین کرد، لە کاتێکدا وەک لە شیعری "بە تەنیشت وتندا" ئاماژەت بۆ کردووە «لاپەڕە ٥٩ تا لاپەڕە ٦١ی کۆشیعرەکە»، لە کۆمەڵگەی داخراو وماڵی داخراوی کوردیدا" شاعیریەتی بۆ ژن عەیبە"؟

– بە داخەوە، ژیانی من خاڵی بوو لە منداڵیی و گەنجێتی وەکو دوو قۆناغی گرینگی ژیان بە هەموو رەهەندە سۆزداری و خێزانی و جوانیەکانییەوە، پێم وایە سڕینەوەی منداڵی وەکو قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی ئینساندا کارەساتێکی گەورەیە کە بە درێژاییی ژیان دەکرێت مرۆڤ باجەکەی بدات، پێش ناسینەوەی حەرفەکان و دەستپێکردنی سەفەری ژیان دڵڕەقی و نادادوەری و دڵتەنگیم ناسی، سەرەڕای زرنگی و سەرکەوتوویی و زیرەکیم لە قوتابخانە، کە تا ئێستاش زۆربەی مامۆستاکانم هاوڕێمن و هەمیشە لە قووڵاییمدا دڵخۆش نەبووم بەو تاکپەڕی و سەرکەوتویی و دیاربوونەی خۆم لە قوتابخانەدا، وا دیارە من هەر لە هەڵکەوتەی سروشتی خۆمدا کەسێکی گومانکەر بووم، لە تەمەنێکی هێجگار زوودا، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی منداڵیم بەو هەموو توندوتیژییە لە لایەک، هەڵکەوتەی روحی خۆم لەلایەکی تر وەکو کەسێکی پڕ لە پرسیار کاریگەرییان هەبووبێت لەسەر فۆرمۆلەکردنی کاراکتەری هونەری من وەکو نووسەرێک، پاشان من سەر بە نەوەیەک بووم کە ژیانی هاوتەریب بەدەسەڵاتی بەعس بووم کە هەمووومان دەزانین ئەو قۆناغە مانای ژیانکردن لەگەڵ چەوساندنەوە و مەرگ و ترس و ئیرهاب و نائارامی و ژیان لە زیندانێکی خوێناویدا بە هەموو کارەساتەکانی ئەنفال و کوشتن و بڕین، گەنجیەتی من لە ژێر سێبەری رۆژانێکدا تێ پەڕی کە قسەکردن و هەناسەدان و بیرکردنەوە باجیان لەسەر بوو، کە دووکەڵی جەنگ و ئاگری جەنگ لێرە و لەوێ و بە پانتاییی وڵاتدا گەمارۆی ژیانی دابووین، وڵات سەربازگەیەکی گەورەی پڕی تاوان و دڵڕەقی بوو زیاتر لە زەمینێک بۆ ژیان، منیش وەکو زۆرێک لەو مرۆڤانەی کە نامەوێت لە ژیاندا ملکەچ و تەماشاچی بم، هەر زوو لە تەمەنێکی هێجگار گەنجیدا تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران بووم و سەرسەخت و دەروێشانە کارم دەکرد، لەو تەمەنەی کە ئیتر کچان

سەرقاڵی نووسینی نامەی دڵداری و سەرەتای خەونبینینی رۆمانیسییانە و بیرکردنەوەیە لەو خونچە و چرۆیانەی لە جەستە و روح دەکەونە پشکوتن، من لەو رۆژانەدا سەقاڵی نووسینەوەی ئەو بڵاوکراوە دەستنووسانە بووم کە بە رێکخستنەکاندا دەهاتەخوارەوە، دەستنووسەکانی شەهید ئارام و ئەو ئەدەبیاتە مارکسییانەی کە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی کوردی و دەبوو ئێمە بیانخوێنینەوە، ئیشکردن لە رێکخستن و خوێندنەوە و گرینگیدان بە تێکۆشان لەو سەردەم و کاتەدا کە هەمیشە سێبەری پەتی سێدارە بەسەر حەوشەی ماڵەکانمانەوە جۆلانەی دەکرد کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ژیانی پڕ مانا و دەوڵەمەند دەکردم، هەنووکەش کە بیر لە هەندێک سەرکێشی و سەفەر و هەندێک لەو چالاکییانە دەکەمەوە، پێم سەیرە کە چۆن تیا نەچووم، لە لایەکی تریشەوە هەمیشە هەبوونی چەساندنەوە وهەستکردن بە ونبوونی چەند رەهەندێکی گرینگ لە ژیانی سروشتیی رۆژانەدا و هەستکردن بەو کەمایەسییانە مرۆڤ دەخاتە سەر بیرکردنەوە، هەمیشە خوێندنەوە ئەو دنیا زۆر گەورەیە بوو کە وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکانی دەدامەوە، پاشانیش نووسین، دیارە من دەزانم کە کۆمەڵگەی ئێمە خۆت واتەنی ماڵی داخراوی کوردی لەمپەرە لە بەردەم هەڵکەوتنی ژنێکی نووسەردا، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم هیچ کارم بەو کۆمەڵگەیەوە نییە و دەمێکە ئەو ماڵەداخراوەم بەجێ هێشتووە، کۆمەڵگەیەک بێ ئاگا لە ئازار و مەینەتییەکانی من، بێ ئاگا لە هەر بەرپرسیاریەتییەکی تەنانەت کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئینسانی بەرانبەر من، بۆ دەبێت بتوانێت رێگر بێت لە هەمبەر دەنگهەڵبڕینی مندا؟ هەمیشە باوەڕم وایە کە مرۆڤ دەبێت، ئەگەر تەواوی ژیانیشی نەبێت ئەوا بڕێکی زۆر لە دنیای خۆی لە دەست کۆمەڵگە و هەر هێزێکی تر رزگار بکات، کە دەیەوێت سنوور و لەمپەر لە پێش خەیاڵ و ژیان و داهێنانی ئینسانەدا دابنێت، پێم وایە نووسەری راستەقینە وەختێک دەنووسێت مەراقی ئەو تەنیا گەیاندنی پەیام و سەرکەوتنیەتی لە داهێناندا، تەنانەت بیر لە سزا و باجەکانیشی ناکاتەوە، من کە لە زۆرینە راستگۆتر و هۆشیارتر بم، چاوی زیاترم بۆ دیتن هەبێت، هەستی قووڵتر بۆ دەرککردن بە ئازارەکان، ئیتر بۆچی ئاوڕ بدەمەوە لەوەی بەجێ ماوە؟

* با بێمە سەر یەکەم شیعری کۆشیعرەکەت، واتا "نێوەندی دەستەکان"، لەوێدا باس لە پەرۆشیی پیاو دەکەیت تەنیا بۆ جەستەی ئافرەت، ئەمەیش گواستنەوەی یەکێک لەو رەهەندانەیە کە دەست لەسەر برینی هەرە گەورەی

پیاو دادەنێت، بەو مانایەی: پیاوی کورد بە گشتی تەنیا وەکو جەستە، وەکو ئەکتەر سەرنج لە ئافرەت دەدات، کە خۆی دەرهێنەرە و دەبێت جووڵەکانی ئافرەت لە ژێر رێنوێنییەکانی ئەودا بن. چونکە کولتووری رۆژهەڵات، کولتوورێکی توندوتیژ و پڕ لە "داواکار"ییە، لە بەرانبەر ئەو داوایەیشیدا شتێکی تر، یان تەواوکارێک نییە و پێشکێش نەکراوە و ناکات؛ هەست ناکەیت توندوتیژیی ئەم "پیاو"ە، لە رەهەندێکەوە پێوەندیی بە کولتوورەوە هەیە، بەو مانایەی: لە کولتووری ئێمەدا داواکاری و توندوتیژی بالادەستن، لە بەرانبەر ئەمانیشدا بەخشین و زمانی دیالۆگ زۆر کەمە؟

– پێم وایە ئەم پرسیارە بە ئاگا، یان بێ ئاگا، دەستی بۆ زۆر بابەتی هەستیار و فرەڕەهەند بردووە، کە دەکرێت بابەتی نووسینی کتێبێک بێت، نەک تاقە پرسیارێک، بەڵام هەوڵ دەدەم لەسەر یەکێک لەو رەهەندانە قسە بکەم کە کاریگەریی کولتوور و پێوەندیی ژن و پیاوە لە چوارچێوەی پێناسەکانی کولتووری کوردیدا، لە پێشەکیدا قسە لەسەر شیعری نێوەندی دەستەکانە، دیارە ئەو خوێندنەوەیەی کە ئێوە بۆتان کردووە، رەنگە تەواو پێچەوانەی دنیابینی من بێت لەو شیعرەدا، کە وێنەی ساتەوەختی تێکەڵاوبوونی دوو روحە بە تەواوی شکۆ و شکستەکانی خۆیانەوە، ئەو ساتەوەختە ئێرۆتیکییە ئینسانییانەی کە لە فەرهەنگی ئێمەدا چی لەسەر ئاستی هونەر چی لەسەر ئاستی ژیانی واقیعی دەگمەن بەرهەم هاتووە و بەرهەم دێت، ئێمە سەر بە فەرهەنگێکین کە بە توندی و بە رادەیەک مرۆڤی لە زاتی خۆی نامۆ کردووە، بە تایبەتی لە هەموو ئەو بنیاتە ناوەکییانەی کە پێوەندیی بە هەست و سۆز و جەستە و دنیا زاتییەکانی مرۆڤەوە هەیە، تا رادەی دووکەرتبوونی سایکۆلۆجی و دەروونی و ئینسانی و بەرهەمهێنانی مرۆڤێک، کە ناتوانێت دڵنیا بێت لە ناسنامەی ئینسانی خۆی وەکو بوونەوەرێک لە ژیاندا، بێگومان زۆر راستە کە کولتووری رۆژهەڵات، بە مانایەکی تر فەرهەنگی کۆمەڵایەتی لە رۆژهەڵاتدا کە ئێمەی کورد بەشێکین لەو کولتوورە، توندوتیژی یەکێکە لە خاسییەتەکانی ئەو کولتوورە، یەکێک لەو ناوەندانەی بەرجەستەی هەبوونی توندوتیژی دەکات پێکەوەبەستنی دنیای نێر و مێیە، بەمانایەکی تر فەرهەنگی ئێمە لەسەر بالادەستی نێر و پەراوێزخستنی ژن خۆی بینا کردووە، بالادەستی پیاو دەسەڵاتی سەردەستە لەو فەرهەنگەی ئێمەدا ئەمەش بە مانای لە تەواوی پێکەوەگرێدانی ئینسانییانەی نێر و مێدا، بەتایبەتی لەو ئاستە زاتی و پێوەندییە

تایبەتییەکاندا کە دەسەڵاتی فەرهەنگ رۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە فۆرمۆلەکردن و چوارچێوەخستنی ئەو پێوەندییانەدا، چۆن دەکرێت چاوەڕوانی بەرهەمهاتنی پێوەندییەکی هاوسەنگی پڕ عەشق و متمانە و خۆشەویستی بکەین لە نێوان دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا کە یەکێکیان زاڵە بەسەر ئەوی تردا، کە یەکێکیان هێندە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەوی تردا دەڕوات تا رادەی وێرانکردنی داگیرکردنی ژیان و گۆڕینی چارەنووس و بەڵکو لێسەندنەوەی ژیان و بەکارهێنانی توندوتیژی، لێرەدا خۆشەویستی و بەشداریکردن و سێکس و پێکەوەبوون هەموو ئەو پێکهاتە روحی و ئینسانییانی دەچنە پێکهاتەی پێکەوەبوونی ژن و پیاوێک مانا راستەقینەکانی دەگۆڕێت، پێکەوەبوون و هاوسەنگی لە نێوان دووبوونیدا کە دوو پێگەی جیاواز کۆیان دەکاتەوە پێوەندییەکی پڕ ئیشکالە، وەکو ئەو جۆرە پێوەندیی بەستنەی ژن و پیاوی ئێمە دەبەستێتەوە، پێوەندییەک خاڵی لە عەشق و لە راستگۆیی و لە جوانی و داهێنان، پێت سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم زۆربەی پێکەوەبوونی ئێمە کەم تا زۆر بە دەموچاوی راستەقینەی مرۆڤەکان خۆیانەوە نییە، ئەمەش زۆرێک لە گیانی داهێنان و ژیاندۆستی و زیندوویی لە روحی مرۆڤدا خامۆش دەکات، ئەو حاڵەتەی کە ژیانی زۆربەمانی چۆڵ و بێ تام، جگە لە هۆشیاری و توانای زەینی خۆم بۆ دەرککردن بەو کەلێنە گەورەیەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەیە، وەختێک لە ئەوروپا و بە واقیعی و لە نزیکەوە، پێوەندگرتنی ئینسانی وکۆمەڵایەتی ژن و پیاوم بینی کە لە کۆمەڵگەی ئازاددا، لە ئازادیدا چەندە مومکینە پێوەندییەکی قووڵ و جوان و ئینسانی و راستگۆیانە بن، زیاتر کەمایەسییەکانی خۆمان لەو لایەنەدا وەدیارتر دەکەوێت، دایالۆگ و قسەکردن هەمیشە لە نێوان دوو بنیات و دوو ناوەند و دوو پێکهاتەدا دەکرێت دایالۆکێکی زیندوو، پڕی ژیان و هاوسەنگی و ڕاستگۆیی بێت کە ئەو دوو پێکهاتەیە هاوسەنگ و دیدێکی یەکسانیان بە یەکتری هەبێت، کۆمەڵگەی ئێمە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکی قەمعییە لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز، لەوانە ئاستی پێوەندیی ژن و پیاو، ئەوا بێگومان ئەو پێوەندیەش خاڵی دەبێت لە دایالۆگ و بەخشین و زمانی گفتۆگۆ، بەڵکو یەک لە گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگەی کوردی جگە لە نەبوونی فەرهەنگی گفتوگۆ و دایالۆگ و یەکتری قبووڵکردنە لە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە، تا دەگاتە ئاستی سیاسی و دنیای رووناکبیریمان.

* خوێنەری کوردی بە ناوونیشان فریو دەخۆن، نێونیشانی شیعرەکانی تۆش سەرنجکێش نین، تەنیا هی کتێبەکە نەبێت، ئەمەیش بە پێچەوانەی

شیعرەکانتەوەیە، کە هەم سەرکێشی و هەم سەرنجکێشییان تێدا دەبینرێت. لە روانگەی تۆوە گرینگیی نێونیشان لە شیعردا چۆن دەردەکەوێت، پێش خوێندنەوەی دەق، یان پاشان؟ هاوکاتیش، بۆچی نێونیشانی دەقێکت هەڵبژارد بۆ نێونیشانی کتێبەکە، ئایا هەست ناکەیت خوێنەر وردتر لەوانیتر سەرنج لەو شیعرە دەدات و دەیکات بە کلیل بۆ کردنەوەی دەرگە "کۆدەکانی" کۆشیعرەکە؟

- بێگومان تێکستەکە و ناوونیشانەکەی پێکەوە کارێکی هونەری تەواو دەکەن، ناوونیشانیش وەکو هەر دێر و دەستەواژە و بینایەکی هونەری گرینگی خۆی هەیە لە بیناکردنی میعماری تێکستەکەدا، من کێشەی ناوونیشان یان ناوی دەقم هەیە، زۆر جاران چەند رۆژێک دەخوزایت تا ناوێک لە دەقەکە دەنێم، بۆ هەڵبژاردنی ناوونیشانی یەکێک لە دەقەکانیش بۆ ناوی کتێبەکە، لەڕاستیدا پێش ئەوەی ئەو دەقەش بنووسم لە خەیاڵی خۆمدا دەمێکە بڕیارم دابوو کە دیوانەکەم بە ناوی "لە پایزێکدا دەمخوازێت" چاپ بکەم.

* هەموو کتێبەکەت پێشکێش بە "دایکت" کردووە، نهێنیی ئەم پێشکێشکردنە لە چیدایە، لە کاتێکدا دەتتوانی پێشکێشی هاوڕێیەکت: ئافرەت، یان پیاو، بکەیت، یان هەر کەس و شتێکی تر؟

- هەمیشە پێشکەشکردنی کتێب بە کەسێک بەهایەکی سیمبۆڵی و ئەخلاقی هەیە، بە مانایەک لە ماناکان گوزارشت لە خاڵێکی گەورەی پێکەوەگرێدانی نووسەر و ئەو کەسە، یان ئەو کەسانە دەکات کە کتێبەکەیان پێشکێش کراوە، دایکی من بوونەوەرێکە کە دەکرێ وەکو نموونەی قوربانییەک چاوی لێ بکرێت قوربانی توندوتیژی و دڕندایەتی ژیانێکی پڕ لە ئازار وەکو ژنێکی سەردەمەکەی خۆی، ژنێک بە درێژاییی ژیان گوێی لە وشەیەکی خۆشەویستی نەبووە، دەستی میهرەبانی و نەرمی پیاوێک بەردەستەکانی نەکەوتووە، بە پێچەوانەوە ژیانی ئەو ژیانی کۆیلەیەک بووە بە هەموو مانا ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانەوە، کەسێک لە پەراوێزدا هەموو مەینەتییەکانی هەڵگرتووە، لە مامەڵەی توندوتیژی پیاوێکی دڵڕەقەوە هەتا کۆچ و جێهێشتنی یەکە یەکەی جگەرگۆشەکانی و مانەوە و سووتانی لە تەنیاییەکی بکوژدا، ئەم ئینسانە هیچ نییە جگە لە روحێکی دیل و کەسێک ئازار و مەینەتییەکان گەیاندوویانەتە قۆناغێک کە رەنگە ئیتر نەزانێت کە ژیان رەنگە روناکی تێدا هەبێت، توانای هەستکردنی بە بەختەوەری لەدەست

داوە، کەسێکە بە هەموو ماناکان وەکو پاڵەوانی رومانەکەی کافکا مەسخ بووە، دایکم هاوڕێم نییە، مەودایەکی فراوانی هۆشیاری و تێگەشتن لە نێوانماندا هەیە، بەڵام بەندێکی سۆزداری ئینسانی گەورە دەمبەستێتەوە پێوەی، وەفاداریم لە هەمبەر هەموو ئەو ئازارانەی لە ژیاندا دەیچێژێت شایانی ئەوە هەیە کە ئەو کتێبەی پێشکێش بکەم زۆریشی بەلاوە خۆش بوو، بێ ئەوەی لە مانایەک تێ بگات، یان بتوانێت شیعرێکیان بخوێنێتەوە.

* لە شیعری "بە تەنیشت وتندا"، کە دەکەوێتە لاپەڕە ٥٩ تا ٦١ی کۆشیعرەکەت "لە پا یزێکدا دەمخوازێت"، لە دوا کۆپلەدا، کە کۆی مەبەست و وێناکە چڕ دەبێتەوە، هەست بە دیدێکی فێمێنیستی دەکرێ، ئەمەش لە کاتێکدایە ئێستە بە شێوەیەکی گشتی ئازادیی "ئافرەت" لە "پیاو" سەندراوەتەوە. ئایا ئەو دیدە فێمێنیستییە چۆن دەگوازیتەوە بۆ نێو شیعر؟ پێت وایە ئەم شێوازی بەرپەرچدانەوەیە گونجاو بێت لە بەرانبەر دڵڕەقییەکانی پیاو، لە کولتووری داخراو و باوکسالاری ئێمەدا، مەبەستم ئەوەیە کە: ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەم گوتنە نییە؟

- پێم وایە دەکەوینە هەڵەیەکی زانستی و مێژوویی و مەعریفی زۆر گەورەوە کە لەسەر ئەم ساتەوەختە مێژووییەی خۆمان بەو سادەییە بڕیار بدەین و بڵێین کە ئێستە «بەشێوەیەکی گشتی مافەکانی ئافرەت لە پیاوان سەندراوەتەوە»، سەندنەوەی ئازادییەکانی ژنان لە پیاوان لە کۆمەڵگەیەکدا دەبێت کە سیستەمی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگە سیستەمێکی مەدەنی یاسایی دیموکراسی بێت، دەسەڵاتی یاسا و ئامرازەکانی هەموارکردنی یاسای مەدەنی مۆدێرن دەستەبەر کرابێت، یاسایەک کە ژن و پیاو بە یەکسانی تەماشا بکات، لەلایەکی ترەوە ئاستی هۆشیاری گشتی بەرز و پانتاییی جووڵەکردنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ئازاد کرابێت لە هەموو جۆرە دەسەڵات و دەستتێوەردانی فەرهەنگ و دەسەڵاتی نەریت، بەڵام ئایا ئەم پایانە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری ژیانی ئێستای کوردستاندا فەراهەم کراوە؟ بێگومان نەخێر، ئیتر چۆن ئازادییەکانی ژنان لە پیاوان سەندراوەتەوە، بەڵکو ئێمە یەکێکین لە کۆمەڵگە نەریتییەکان، کۆمەڵگە سەرکوتکەر و چەپێنەرەکان، دەسەڵاتی نەریت تێکەڵ بە ئاین لە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیدا رەگوڕیشەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بە شێوەیەک داکوتاوە کە دواجار هەڵاوردنی نێر ومێ توندوتیژی کۆمەڵایەتی و کۆنەپەرستی بەرهەم هێناوە، ئێمە

کۆمەڵگەیەکین کە بە تەواوی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیشدا بەرجەستەی پلە دوویی و نزمی پێگەی ئینسانی ژن دەکەین، بەڵکو ئەو سیستەمە هێندە رەگوڕیشەی قووڵی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بووەتە بەشێک لە بیرکردنەوەی گشتی سیستەمە سیاسی و ئیدارییەکەی وڵاتیش، بەهەرحاڵ، من وەکو مرۆڤێک پاشان وەکو ژنێک هەست بە غەدرێکی کۆمەڵایەتی گەورە دەکەم، رۆژانە ژنبوونم و هۆشیاریم لەگەڵ ئەو واقیعە ئازاراوییەدا بەریەک دەکەون کە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیمان بەرهەمی هێناوە، دیارە بۆ خۆم هەرگیز لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژیدا نیم لەگەڵ توندوتیژی، لەگەڵ پەرچەکرداری راستەوخۆدا نیم بێ هەبوونی هۆشیاری قووڵ و زانست و مەعریفە و دنیابینی لە هەمبەر هەر دیاردە و رووداوێکدا کە دەخوازین هەڵوێستی لە هەمبەر وەرگرین، هەموو تووڕەبوونێک، رەتکردنەوەی بۆچوونێکی کۆنەپەرستانە لە هەمبەر ژناندا لای من کارێکی گرینگە، بەڵام دەبێت هۆشیاری لە پشتەوە بێت، دیارە دەبێت لەسەر فێمێنیزم هەڵوەستە بکەین پێش ئەوەی بەکاری بێنین، فێمێنیزم وەکو چەمکێکی زانستی و تیۆری و مێژوویی قابیلی چەند تەفسیر و لێکدانەوەی جیاوازە و بەردەوام لە هەمبەر گۆڕان و زیادکردن و لێکدانەوەی نوێدایە، دیارە لە مانای گشتیدا فێمێنیزم ئەگەر تێرم و مانایەک بێت بۆ ئەو گوتارەی کە دیفاع لە مافە ئینسانییەکانی ژنان دەکات، ئەوا بێگومان بمەوێت یان نا، من وەختێک وەکو ژنێک دەنگ هەڵدەبڕم لەسەر خۆم و مەینەتی و پرس و گومانەکانم قسە دەکەم، تێکستێک دەنووسم، یەکڕاست دەچێتەوە سەر هەمان گوتار، گوتاری فێمنستی، دیارە هەمیشە ئەو گوتارە دەخوازێت ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە لەوەوبەر و لە وەڵامەکانی تریشدا باسم کردن، بەڵام ئیتر کام ئەڵتەرناتیڤ، من بەشبەحاڵی خۆم دیدێکی مرۆڤدۆستانەی فێمنستیم هەیە زیاتر لە دیدێکی فێمنستی ئەپستراکت، گوێزانەوەی ئەم دیدە بۆ ناو شیعر ئۆتۆماتیکی روو دەدات چونکە من هەمیشە وەکو ئینسانێکی ژن بێ دوودڵی گوزارشت لە خۆم دەکەم، هەندێک جار نادادوەرییەکان هێندە دەمچەوسێنێتەوە هێندە ئازار دەخۆم، کە ژیان دەبێتە سێوێکی بۆگەن و بە هەموو هێزم حەز دەکەم بیکێشم بە دیوارەکەدا، هەربۆیە رەنگە دێڕێکی وا بنووسم کە بە قەد تاریکی و تووڕەیی ئەو ساتە وەختە وەکو شیعری "بەتەنیشت وتندا" و کەسێکی وەکو تۆ بە دیدێکی فێمنستی تەفسیری دەکات و ئەو خوێندنەوەیەش رەوایە.

* زۆربەی شیعرەکانت سادەن، هەر بۆ نموونە: دەقەکانی "دە پەنجە" و

(..........) و "کچەکانی دراوسێم" و "گوناهی زیوین"، بەڵام قووڵ و مانادارن.
من وا هەست دەکەم تاڵێک موو هەیە لە نێوان "سادەیی" و "ساکاری"دا، ئەگەر هاتوو دەقنووس نەیتوانی بە سەر روانین و خەیاڵ و بیرکردنەوە و فەنتازیای خۆیدا زاڵ بێت، ئەوا دەقەکەی بنیاتی خۆی لە دەست دەدات، ئەمەیش نەک هەر بۆ دەقی سادە، بەڵکو بۆ دەقی ئاڵۆزیش وایە، واتا: ئەگەر دەقنووس ئاگەداری خۆی نەبێت، زۆر بە سانایی دەقەکەی بە سەر ویدا زاڵ دەبێت. بەشی زۆربەی شیعرەکانی تۆ سادەن، بەڵام وەکو لە سەرەوەیش گوتم: قووڵ و مانادارن و خاوەنی ماهیەتی خۆیانن. ئەو تایبەتمەندییانە چین کە دەقێکی سادە و قورس لە یەکتری جوایەز دەکەنەوە؟ ئایا تۆ لەبەر ئەوە بە سادەیی دەنووسیت، تا خوێنەر ماندوو نەکەیت، یان ئەوەتا ئەو سەروەختەی تێیدا دەنووسیت، بڕیاری ئەوە دەدات کە چۆن بنووسیت؟

– دەقی سەرکەوتوو ئەو دەقانەیە کە بە زمانێکی مەفهوم مانایەکی قووڵ بداتە دەستەوە، ئەوەش ئامانجی گەورەی هەموو نووسەرێکە، چونکە گەیشتن بەو قۆناغە، قۆناغی بەرهەمهێنانی دەقی قووڵ، گەیاندنی مانا و هەستەکانی ناو دەق بە زمانێکی سادە، مانای زاڵبوونی نووسەرە بە سەر زمان و دەسەڵاتی تەواوی نووسەرە بەسەر نهێنی و پێچ و پە ناو جوانییەکانی زماندا، دیارە دەبێت زۆر بە وریاییەوە هەڵوەستە بکەین لەسەر پێناسەی دەقی سادە و دەقی ئاڵۆز چونکە سادەیی و ئاڵۆزی جگە لە زمان چەند رەهەندێکی تر دەگرێتەوە لەوانە ناوەڕۆک و دونیابینی ناو دەق و بەکارهێنانی هونەرەکانی زمان و میتۆلۆجیا و دنیای دەق دەگرێتەوە کە دەکرێت لەسەر هەموویان هەڵوەستە بکەین، بەڵام وا دیارە لێرەدا مەبەست لە ناوەڕۆک و زمانە، من باوەڕم وایە شیعر لەو ژانرە ئەدەبییە جوان و دەگمەنانەیە کە رێک هەڵسوکەوت لەگەڵ هەست و سۆز و رەهەندە ئینسانییە زاتییەکانی مرۆڤدا دەکات بە هەموو هەڵوەستە و گومان و پرسیار و ئازارەکانی لە هەمبەر ژیاندا، لەو ژانرە ئەدەبییانەیە کە ئامراز و مۆسیقای زمان و دنیا و سفیری تایبەت بە خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ژانرەکانی تر، هەر بۆیە من دژی تەحمیلکردنی شیعرم بە بابەت و زمان و دنیا و سفیرێک کە سفیری شیعر نەبێت، وەکو ئەو کەسانەی کە دەخوزان فەلسەفە بکەنە شیعر، ئەمە وەک بەکارهێنانی دەهۆڵ وایە لە مۆسیقای ماتەمینیدا، شیعر نەک خاڵی نییە لە فەلسەفە، بەڵکو مومکین نییە دەقێک بنووسین خاڵی بێت لە دنیابینی و

فەلسەفەیەکی تایبەت لە هەمبەر ژیان و ئەو بابەتەی لە دەقەکەدا باسی لێوە کراوە، بەڵام گوزارشتکردن لە دنیابینی و فەلسەفە لە شیعردا تەواو جیاوازە لە بەکارهێنانی لە ژانرێکی ئەدەبیی تردا، دیارە ئەگەر شیعر وەکو کۆنترین ژانری ئەدەبی لە مێژوودا ئەگەر بیتوانیایە وەڵام بە تەواوی گوزارشتکردن و دەربڕینی گومان و پرسیارەکانی مرۆڤایەتی بداتەوە، چی وەکو هونەر و جوانی چی وەکو پانتاییەک بۆ راڤەکردن و پرسیارکردن ئەوا نە رۆمان و نە شانۆنامە و نە ژانرە جیاوازەکانی تری نووسینی دەق دادەهات، هەر بۆیە لای من دەقی سادە و ئاڵۆز نییە، ئەوانەی ئەمڕۆ لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەکان دەیانخوێنینەوە و نازانین نوسەرەکەی باس لە چی دەکات، چیمان بۆ دەگێڕیتەوە، ئەوانە لە بنەڕەتدا شیعر نین ،بەڵکو دەرهاویشتەی وڕێنە و ریزکردنی وشەیە لەلایەن کەسێکی بێ ئاگا لە رۆشنبیری و هونەر و ئیستاتیکا و بەرپرسیاریەتی بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، لەمەلاشەوە خەمی پڕکردنەوەی لاپەڕەی رۆژنامەی زۆر و بۆر کە ئەمڕۆ بەرجەستەی گەورەترین سەرگەردانی روناکبیری دەکات بۆ خۆی یارمەتیدەرە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دەقانە، گوناهێکی گەورەیە کە نووسەر لە سەروەختی نووسینی شیعر یان رۆمان یان هەر دەقێکی ئەدەبیدا بیر لەوە بکاتەوە کە خەڵک بە ئاسانی و بێ ماندووبوون لە دەقەکەی تێ بگەن، بە بڕوای من یەک لەوەزیفەکانی نووسین دروستکردنی گومان و نیشاندانی ئەو پانتاییە شاراوانەیە کە لە زمان و ژیاندا مرۆڤی ئاسایی نایانبینێت، دەبێت گومان و پرسیار بورووژێنێت و خوێنەر تووشی شۆک بکات، دەبێت هۆشیاری خەڵک، ئاستی هونەردۆستی و هەستجوانی خەڵک بچیتە ئاستی دەقەکانەوە نەک بە پێچەوانەوە، نووسەرێکیش حورمەتی خوێنەرانی خۆی بزانێت دەقی سادە و مردوو و بێ گیان بەرهەم ناهێنێت، من کە دەنووسم بیر لە سێ شت دەکەمەوە، زمانێکی کورت و چڕ، هەڵبژاردنی وشەکان، خوێنەری زۆر هۆشیار و زیرەک، من بۆ خەڵکی سادە نانووسم، سادە بە مانا مەعریفی و میتافیزیکییەکەی .

* د. ئەحمەدی مەلا لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: "شیعر تەنیا هەر وێنەیە"، تۆیش زۆر بایەخ بە وێنەی شیعری دەدەیت، بەڵام ئایا لەگەڵ ئەم روانینەی "ئەحمەدی مەلا" دەگونجێیت؟ من زۆرترین وێنە لە شیعرتدا دەبینم، هەر بۆ نموونە: دەقی "تەنیایی" کە زیاد لە چەند وێنەیەکی لە خۆ گرتووە. ئەم بایەخدانە بە وێنە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

– بێگومـان زۆر راسـتـه كـه شـیـعرنـووسـین مـانای وێنەكـردن به وشـەكـان، بایەخدان به وێنەی شیـعری لەو دنیـابینییـەوه هاتووه كه شیـعرنووسـین ئامـرازەكانی بەكارهـێنانی زمان له شیـعردا له رێگەی داهێنانی وێنەوه بەرهـەم دێت، شیـعر لای من جگه لەناوەڕۆكی بابەتی و ئەو تێـمـایەی كـه له ناو دەقـەكـەدا ئامـادەیـی هەیه، هەڵبـژاردنی مـۆسـیـقـای وشـه و دەسـتـەواژەی كـاریگەر بۆ خـۆیـان هەمـووی ئەو پێكهـاتانەن كـه دەچنه بیناكـردنـی وێنەی شـیـعـرییـەوه، من لەو كـەسـانـەم كه زۆر بایـەخ به وێنه دەدەم، بەڵكو شـیـعـر نووسـین نزار قەببانی واتەنی، وێنەكێشانه به وشەكان.

* له دەقی "شـار"دا، له یەككاتدا هەم سـوودت له بیـركـردنەوه، هەم له خـەیاڵ، هەمیش له ئەفسانه وەرگرتووه، جێبوونەوەی ئەم سێ توخمه و سادەییەكی بێ هاوتاش له دەقەكەدا دەبینرێ، دواجاریش تراجیدیا، بەو مانایەی: كـارئەكتەری شیـعرەكه دەكەوێته دەرەوەی نائومـێدی و هـەرووەتر بیركردنەوەیش، لەبەرئەوەی دەگـاته ئەنجامـێك، كـه دەزانێت ئەنجـام نـیـیـه، ئەمـەیش رێك "ئەفـسـانەی سـیـزیف"ی بیـر هێنامـەوه، كه هـەردەم سـەردەكـەوێت، هەردەمـیـش دەكەوێتەوه سـەرەتا، بێجگه لەمەیش، لێرەدا بوونی مرۆڤ دەكەوێته بەردەممان، واتا: مرۆڤ سـەرەتا نییه، كـەچی دەژێت، كه دڵنیـایشـه دەمـرێت! كۆكردنەوەی ئەم كـۆمـەڵه مـوفـرەداته فیـكری و فەلسـەفییـانه، هاوكـاتیش تێكەڵكردنیـان به بیـركـردنەوه و خـەیاڵ و ئـەفـسـانه، چۆن له دەقـێكی وەهادا، تەنـانەت كـورتیش، جـێگەیان بووەتەوه؟ تۆبڵێیت هونەر ئەوەنده فراوان بێت، وەك "دڵ"، كه شێركۆ بێكەس له شیـعرێكی كورتیدا، كه وەك پێشـەكیی له كتێبی "رووبار"دا دای ناوه و وەهایه: "ئا ئەم دڵه بچكۆلەیه/ كـه هەر هێندەی هـەرمـێـیـەكـه/ گەردوون جـێگەی تێـدا بووەتەوه و..."؟

– شـار جگه له بوونێكی مـیـعـمـاری و فـیـزیكی و ئاركـۆلۆجی بـوونێكی كـۆمـەڵایەتی و مێژوویی و ئینسـانیشـه، جگه لـه دیوار و خـانوو و كـۆشـك و تەلارەكـان، جگه له شـەقـام و كۆڵان پرد و تونێل و هەموو بنیاته مادییەكان، بنیاتێكی روحیشی هەیه كه مێژووی ژیان و حـیـكایەتی تاكه تـاكـەی ئەو مـرۆڤانەیه كـه له چوارچێوەی ئـەو بوونه جـوگـرافـیـیـەدا ژیان دەكـات، مـێـژوو وشـێـوازی پێكەوەژیان، رۆژانی سـەخـت و رووداوه هاوبەشـەكـان ئەو

ساتەوەختانەی کە لەو دژواری و رووبەڕوبوونەوەی چارەنووسی هاوبەشدا مرۆڤەکان هێندە لەیەک نزیک دەکاتەوە، وەکو ئەوەی پاڵەوانی یەک حیکایەت بن شارەکانی ئێمە، بەڵام شار لەم دەقەی مندا ئاماژەیە بۆ جێگەیەکی میتافیزیکی، بۆ ئەو شارەی لە ناخی هەر روحێکدا دەژی، شارێک بە مانای ئامانج و خەون و شێوە ژیانێک شێوە دنیایەک بەو رەنگەی کە دڵی ئێمە دەخوازێت، ئەو شارەی هەتا مرۆڤ لە ژێر جەبری فەرهەنگ و قورسایی ژیاندا بچەمێتەوە گەیشتن بەویش مەحاڵتر دەبێت، بەڵکو ئایا بۆ خۆی شتێک هەیە بەناوی ئامانج و گەیشتن بە هیوا؟ شتێک هەیە بە ناوی بەختەوەری و گەیشتن بە جوانی و دادوەری و عەشق و عەدالەت؟ جێگەیەک هەیە مرۆڤ لەوێدا هەست بە یەکسانی و دادوەری و هەڵگرتنی هەموو ئەوسنوورانە بکات کە مرۆڤ لە چوارچێوەیدا هەست بە دیلی و بندەستی و چەوساندنەوەی خۆی دەکات؟ یان ئەمانە خەونێکی بێهوودەن مرۆڤ هەرگیز ناگاتە ئامانج، دیارە من لەگەڵ ژیاندۆستی و عەشقی زۆرم بۆ ژیان و جوانییەکانی هاوکات کەسێکی رەشبینم، پێم وایە ژیانی مرۆڤ، بەڵکو تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی لە هەوڵی بەدیهێنانی دادوەری و جوانیدا بەهەدەر دەچێت، هەتا مرۆڤ لە سەر زەوی ژیان بکات، نادادوەری و شەڕەنگێزی و چەوساندنەوەش ژیان دەکات، گەیشتن بە جوانی و بەختەوەری رێک وەک رەنجەکەی سیزیف و سەرخستنی بەردەکەی سەرشانی کارێکی بێهوودەیە، هەربۆیە گەیشتن بە شار بەو مانایە رەنگە مەحاڵ بێت روو بدات، دەکرێت لەسەر ئاستی تاک و گرووپ وەکو هەندێک دوورگەی سەوز لە کیشوەرێکی سووتاودا لێرەو لەوێ لە ژێر کاریگەریی هۆشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی کەم تا زۆر بوونیان هەبێت، بەڵام گەیشتن بە فەزیلەت، بە شارێک وەک هێما بۆ جوانی و فەراهەمکردنی خۆشەویستی و عەدالەت لە خەونێک بەولاوە چ نییە، ئەم پرسانە بە درێژاییی مێژووی فیکر و بیرکردنەوە، لە گریکەکانەوە تا سەرهەڵدانی ئاین و فەلسەفەی نوێ مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، دیارە بەختەوەری و عەدالەت و فەزیلەت و تەواوی ئەو دەستەواژە نەرمانەی مرۆڤایەتی خەونیان پێوە دەبینێت لەو خەونانەیە وەدیهاتنیان مەحاڵە، رۆژگارانی ئەمرۆ و بالاکردنی شەڕەنگێزی و توندوتیژی مرۆڤ تا ئەو رادەیەی ئەمرۆ بەختەوەریی لە مرۆڤ و سروشتیش سەندووەتەوە ئیتر بۆ خۆی بەرجەستەی ئەو دیدە دەکات کە لە شیعری "شار" دا هاتووە... ئەو شارەی کە ئەسڵەن نییە.